# پەیوەندی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان لە پەراوێزی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی ١٩١٨ـ ١٩٢١
# توێژینەوەیەکی مێژوویە

د. هیوا حەمید شەریف
زانکۆی کۆیە ـ فاکەلتی پەروەردە
بەشی مێژوو

## پێشەکی

### بابەتی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە بارەی پەیوەندی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان لە پەراوێزی بیری نەتەوەیی لە ساڵانی ١٩١٨ــ ١٩٢١، لەلایەکەوە پەیوەستە بە هاوهەڵوێستی و پەیوەندی کۆك و تەبای نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان کە بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوای دەوڵەتی عوسمانی پێدا تێپەڕین کە ئەمەش دەرهاویشتەی لێکچوون و نزیکی بیروباوەڕی ئاینی و فشاری دامودەزگاکانی دەوڵەت لە سەر سڕینەوەی ناسنامەی ئاینیان بوو، لەلایەکی تریشەوە بەم گۆڕانکارییە گەورانەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکە بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتی ڕوویاندا و قۆناغێکی تازەی لە پەیوەندییەکانی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان هێناکایەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ململانێی ئاینی ڕوو لە خامۆش بوون و بیری نەتەوەیی ڕوو لە سەرهەڵدان بوو.

دەستنیشانکردنی ساڵی ١٩١٨بە سەرەتا و ساڵی ١٩٢١بە کۆتایی ماوەی توێژینەوەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەمیان بە سەرەتای پەرەسەندنی بیری ناسیونالیزمی لە ناو ئەم دوو گروپە دادەنرێت، دووەمیشیان کۆتایی هێنانە بە یەکەم ڕاپەڕینی نەتەوەیی کوردە عەلەوییەکان کە تێدا تورکە عەلەوییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوون بە هاوسەنگەری بزووتنەوەی کەمالی و ڕۆڵێکی کاریگەریشیان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا بینی.

### هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ـ بابەتی توێژینەوەکە تازەیە و پێشوتر لێکۆڵینەوەی لە سەر نەکراوە.

ـ دروستبوون و خەملینی بیری نەتەوەیی بۆ یەکەم جار لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی فراوان لە ناو کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان کە بوو بە بناغەی کار و چالاکی سیاسیان بۆ قۆناغەکانی دواتر، کە ئەمەش جێگەی هەڵسەنگاندن و توێژینەوە و لە سەر ڕاوەستانە ، چونکە ئەوان تا وەکو ئەو کات لە ململانێی پاراستنی ئاینیان بوون.

ـ کاریگەری بزووتنەوە و پارتە سیاسیەکانی ئەو سەردەم لە سەرخەملین و پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی لە ناو کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

نووسینەوەی زانستی مێژووی پەیوەندی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکانە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٨ـ ١٩٢١ و دەستنیشانکردنی کاریگەری ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵیان لە سەر ئاڕاستەکردنی پەیوەندییەکانیان هەبوو، هەروەها دیاریکردنی کاریگەری ئاست و جۆری پەیوەندییەکەیە لە سەر خەبات و بزووتنەوەی کوردی لەم قۆناغە هەستیارەی مێژوودا.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە سوود وەرگرتن بووە لە ڕێباز و توێژینەوەی مێژوویی، کە بریتیە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی دروست پەیوەست بە ڕووداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراورد کردن و بڕیار لە سەردانە، هاوکات سوودمان لە ڕێبازی جوگرافیای سیاسی لە نووسینەوەی ئەم توێژینەوە وەرگرتووە.

## گرفتەکانی توێژینەوەکە:

گرفتی سەرەکی بەردەم توێژینەوەکە پەیوەستە بەم سەرچاوانەی تێدا بە کارهێنراوە، چونکە بەشێکی گرنگی سەرچاوەکان بە زمانی تورکی بوون کە زۆربەیان بە پێی خواست و ڕامیاری دەوڵەتی تورکیا نوسراون، هەروەها گرفتی زمانی تورکی و وەرگێران و ساغکردنەوەی دروستی سەرچاوە تورکییەکان تەگەرەیەکی دیکەی بەردەم ئەم توێژینەوەیە بوو.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە سێ تەوەرەی سەرەکیی پێکدێت :

تـەوەرەی یەکـەم: تـەرخانکراوە بـۆ باسکردنی گۆڕانکارییـەکانی دوای جـەنگی یەکـەمی جیهانی و کاریگەری بۆ سەر پەیوەندی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان.

تـــەورەی دووەم: تایبەتـــە بـــە ســـەرهەڵدان و پەرەســـەندنی بزووتنـــەوەی کـــەمالی و فراوانبوونی جیاوازییەکانی نێوان کوردەعەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان.

تـەورەی سـێیەم :باسـکردنە لـە هەڵوێسـتی تورکـە عەلەوییـەکان بەرامبـەر ڕاپـەڕینی کۆچگیری.

## گرنگترین سەرچاوەکان:

نووسـینەوەی ئـەم توێژینـەوە بـە سـوود وەرگـرتن بـووە لـە چەنـدان سـەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەشێکیان بە زمانی تورکین و زانیارییەکانیان دەگمـەنن و سـوودی زۆریـان بۆ توێژینەوەکـە لێوەرگیراوە بـە تایبـەتی( Baki öz: Kurtuluş Savaşinda Alevi-Bektaşiler) و ( Ibrahim Bahadir: Cumhuriyeti Kuruluş Sürecinde Atatürk Ve Aleviler)، هـەروەها لـە سـەرچاوە کوردیـەکانیش سـوودێکی زۆر لـە کتێبەکەی(نوری دەرسیمی) بە ناونیشانی(دەرسیم لـە مێژووی کوردستاندا) وەرگیـراوە، کـە نـاوبراو یـەکێك بـووە لـە کارەکتـەرە سـەرەکییەکانی نـاو ئـەم ڕووداوانـەی لـە توێژینەوەکـە ئاماژەی بۆ کراوە. جگە لەمانە سوود لە چەندان سەرچاوە و توێژینەوە بـە زمـانی ئینگلیـزی و عەرەبی وەرگیراوە کە هەر یەکێکیان گرنگی خۆی بۆ بابەتەکە هەبووە.

دەروازە

عەلەوییەکانی تورکیا بە گشتی لە ڕووی ئیتنیکەوە بە سەر سێ ڕەگەزدا دابەش دەبن ، ئەوانیش (تورك و کورد و عەرەب)ن کە لە ڕووی ژمارەوە تورکە عەلەوییەکان زۆرترینیان پێکدەهێنن و بەپێی سەرچاوەکان نزیکەی(١٥ تا١٦) ملیون کەس دەبن(محمود:٢٠١٢،٢: shankland١٣٦،٢٠١٠ )، دوا بەدوای ئەوان کوردە عەلەوییەکان دێن کە ژمارەیان لە نێوان(٣ تا ٤) ملیون کەس دەبێت(بورکای:٣٤٩/٢٠٠٨;السبعاوی:٢٠١١;Hirschler،٥٦،٢٠٠١)، هەرچی عەرەبە عەلەوییەکانن ڕێژەی دانیشتوانیان لە تورکیا بە بەراورد لەگەڵ تورك و کوردە عەلەوییەکان زۆر کەمترە*. لە ڕاستیدا ئەم ژمارانە بۆ سەردەمی دیاریکراو لە توێژینەوەکە ناگەڕێتەوە بەڵکو ژمارەی ئەم ساڵانەی دواییە، چونکە هیچ ئایینی یان نەتەوەیی لە خۆگرتبێت.

سەبارەت بە شوێن و مەڵبەندی نیشتەجێبوونی کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان لە تورکیا، ئەمانە لە زۆربەی ناوچەکان هاوسنوری یەکترن و تەنانەت لە هەندێ ناوچە پێکەوە دەژین**. مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی کوردە عەلەوییەکان بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە باکور و ڕۆژئاوای باکوری کوردستان، ئەم ناوچانەش لە (ئەرزەڕووم) تا (ئەنتیپ) درێژ دەبێتەوە***، تورکەعەلەوییەکانیش بە گشتی کەوتونەتە ڕۆژئاوای ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کوردە عەلەوییەکان****.

* ئەمانە پێیان دەوترێت(نوسەیرییەکان) و لە ناوچەی(ئەسکەندەرونە) نیشتەجێن، لە ڕووی دیموگرافیاوە درێژکراوەی عەلەویەکانی سوریان، ژمارەیان نزیکەی(٣٠٠)هەزار کەس دەبێت. ( محمود:٢٠١٢/٢).

** بنواڕە هەردوو نەخشەی(أ - ب).

*** ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کوردە عەلەویەکان بریتین لە ئەرزنجان، سیواس، دێرسیم، موش، ئەلازیگ، بینگول، مەلاتیە، ئادیامان، سامسون، مەراش. (داغلی: ٢٠١٠/ ٨; نورالدین: ٢٠١٢/ ٢).

**** تورکە عەلەویەکان لە تورکیا لە چەندین ناوچەی جیاواز نیشتەجێن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەم ناوچانەن:(سیواس ، توقات، یزغان، نبغشهر، چورم، ئاماسیا، قەهرەمان، ئەدرنجان و کەنارەکانی دەریای ڕەش). (الجلیلی: ٢٠٠٢/١-٢).

عەلەویـەت ئـایین یـان مەزهـەبێکی ئـایینی نییـە بـەڵکو ڕێگـا یـان بیروبـاوەڕێکی سـەربەخۆیە و بـە هیچ ئـایینێکی دیاریکراو پەیوەست نییـە ، بـەڵام کاریگـەری چەند ئـاین و بیروبـاوەڕێکی ئـایینی لـە سـەرە، لەوانـە:(زەردەشـتی، شـامانی، مەسـیحی، ئیسـلام). لـە ناوعەلەوییەکانیش جگە لە جیاوازییەکانی نێوانیان بـە شێوەیەکی گشتی بیروباوەڕی ئـایینی کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان لە یـەکتری نـزیکن و دەتوانرێت ئاماژە بۆ ئـەوە بکرێت بەشێکی زۆری توخم و ڕەگەزە سەرەکییەکانی بیروباوەڕی ئایینیان بۆ سـەرچاوەی هاوبەش دەگەڕێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە سـەرهەڵدان و دەرکـەوتنیان هاوکـات بووە. لە ڕاستیدا بیروباوەڕی عەلەوییەکانی تورکیا بە گشتی پێکهاتەیـەکی تێکەڵـە و سروت و پەرسـتنی هاوشـێوەی ژمارەیـەك ئـایین و ئـایینزاو ڕێبـازی سـۆفیگەری لـە خۆدەگرێـت(میـران:٢٠٠٠/٢٠٤-٢٢٣؛الـداقوقی:٢٠١٠/٢٨١-٣٣٤)، ئەمـەش بـە تێپەڕبوونی کـات و دەرەنجامی کۆمـەڵێك ڕووداو و گۆڕانکـاری دروستبووە، بـە شێوەیەك پرۆسـەکە قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بـەرەو تـەواو بـوون ڕۆیشتووە تـا لـە سـەدەکانی چـواردەهـەم و پـازدەهـەم بـە تـەواوی سـەریهەڵداوە و وەك ناسنامەیەکی سـەربەخۆ دەرکـەوتوە(١٩٩٩: çem).

عەلەوییـەکانی تورکیـا بـە درێژایـی مێـژووی حـوکمرانی عوسـمانییەکان لەگـەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەتدا لـە پەیوەندییـەکی گـرژ و ئـاڵۆز دابـوون، هۆکـاری ئەمـەش بـە پلـەی یەکـەم بـۆ ئـەو جیاوازییـە گەڕاوەتـەوە کـە لـە نێـوان بیروبـاوەڕی ئـایینی دەوڵـەت و عەلـەوییەکانـدا هـەبووە بـە تایبـەتی کـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی عـەلەوییـەکان لـە ئـەنادۆڵ هاوکـات بـوو لەگـەڵ جموجـۆڵی بزووتنەوەیـەك کـە لەلایـەن سـەفەوییەکانەوە دژی عوسمانییەکان لە ئەنادۆڵ بـەرپا کـرا*. ئەمـەش تێڕوانینێکی لای عوسمانییەکان دروستکرد کە وایان دەبینی عەلەوییەکان بەشێکن لەم بزووتنەوەیە و لەشێکی نـامۆن لـە دەوڵەتەکـەیان. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت لەم قۆناغەدا هیچ جیاوازیـەك لـە نێوان هەڵوێستی کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان نابینرێت، چونکە لەم سەردەمەدا ئەوەندەی پرسە ئایینیەکان ڕۆڵ و کاریگـەریان لـە سـەر بـارودۆخ و پێشهات و ڕووداوەکـان دانـاوە ، پرسە نەتەوەییەکان کاریگـەریان نـەبووە. بـەم شێوەیە هاوهەڵوێستی نێوان کوردە عەلەوییـەکان و تورکە عەلەوییەکان تا کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام دەبێت و جیـاوازی و ناکۆکی گەورە لە نێوانیان بەدی ناکرێت.

* سـەرەتای جموجـۆڵی سـەفەویەکان لـە ئـەنادۆڵ بـۆ سـەردەمی شـێخایەتی (شـێخ جونەید١٤٤٧-١٤٦٠)دەگەڕێتەوە. (سێڤری: ٢٠٠٦/٤٩).

## تەوەرەی یەکەم: گۆڕانکارییەکانی دواى جەنگی یەکەمی جیهانی و کاریگەری بۆ سەر پەیوەندی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان:

کۆتایی هاتن بە جەنگی یەکەمی جیهانی و شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگەکە و لە دەستدانی بەشێکی فراوانی ناوچەکانی، گۆڕانکاری سیاسی گەورەی بە گشتی لە ناوچەکە دروستکرد و کاریگەریشی بۆ سەرجموجۆڵی سیاسی تەواوی نەتەوە و گروپە ئایینیەکان هەبوو. لە ناوچە تورکنشینەکانی دەوڵەت بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز و دژوار سەریهەڵدا و

ناڕەزایەتیەکی فراوانیشی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش بە شێوەیەك لە ناو كۆمەڵگای توركی ڕەنگیدایەوە كە لە ماوەیەكی كورتدا چەندین ڕێكخراو و گروپی سیاسی و سەربازی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هێزی هاوپەیمانان دروستبوو، كە دوا جار بەشێكی زۆری ئەم ڕێكخراو و گروپە سیاسی و سەربازیانە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەكدا كۆبونەوە كە (مستەفا كەمال)*سەركردایەتی دەكرد و بە بزووتنەوەی كەمالی ناسرا(الزین:٧٨/١٩٧٢-٧٩؛الجمیلی:٢٣/١٩٩٠).

لەلایەكی دیكە و بە هەمان شێوە ئەم بارودۆخە سیاسیە تازەیە هەلومەرجی لەباری بۆ میللەتانی دیكەش ڕەخساند كە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بوون تا هەوڵەكانیان زیاتر بخەنە گەڕ بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیەكانیان، كوردیش یەكێك بوو لەو میللەتانەی هەوڵێكی زۆری بۆ ئەم مەبەستە خستەگەڕ. لەم چوارچێوەیەشدا كوردە عەلەوییەكان ڕۆڵێكی گرنگیان بینی بە تایبەتی كە ناوچەكانی نیشتەجێبوونیان دوای كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی ببووە مەڵبەندی سەرەكیی بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد، تەنانەت یەكەم ڕاپەرینی كوردەكانی باكوری كوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەكان لە ناوچەكانی ئەوانەوە دژی بزووتنەوەی كەمالی بەرپابوو(دەرسیمی:١٣٠/٢٠٠١-٢٠٠؛Hareketi:٤٢/١٩٧٧-٥٤)

بەمشێوەیە دەركەوتن و پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە گۆڕەپانەكە كاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر پەیوەندییەكانی نێوان كوردە عەلەوییەكان و توركە عەلەوییەكان هەبوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی مستەفا كەمال لە چوارچێوەی هەوڵەكانی بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی پێكهاتە كۆمەڵایەتی و گروپە ئایینیەكانی ئەنادۆل كەوتە كاركردن بۆ ڕاكێشانی عەلەوییەكان بە گشتی(Murat:٤١/٢٠٠٦). لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكرێت دید و تێروانینی كوردە عەلەوییەكان و توركە عەلەوییەكان هەر لە سەرەتاوە بەرامبەر بزووتنەوەی كەمالی

* ساڵی ١٨٨١ لە سالۆنیك لە دایك بووە، ساڵی ١٩٠٢كۆلیژی سەربازی تەواو كردووە، لە سەرەتای دامەزراندنی كۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی ئەندام بووە تێدا، ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی توركیای كردووە، ساڵی١٩٢٣ كۆماری توركیای ڕاگەیاندووە، ساڵی ١٩٣٨كۆچی دوایی كردووە.( Lewis٥٤،١٩٩٩ -٥٧ ؛الجمهانی: ٧/٢٠٠٠-٨ ).

جیاواز بوو، لەمەشدا جگە لەم بارودۆخە سیاسیەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکە سەریهەڵدا بوو، ئایدیولۆژیا و بەرنامە و تاکتیکە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کەمالی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو (Murat/٢٠٠٦:٤٣ ).

لە ڕاستیدا ئەو ئاراستە نەتەوەییەی هەر یەك لە کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵیانبژارد، بوو بە سەرەتایەك بۆ ئەم جیاوازییەی لە هەڵوێستی سیاسیان سەریهەڵدا، چونکە لەم قۆناغەدا تورکە عەلەوییەکان هیچ کێشەییەکی نەتەوەییان لەگەڵ بزووتنەوەی کەمالیدا نەبوو، ئەوان کە ماوەی چەند سەدەیەك لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەر بیروباوەڕی ئایینی ڕووبەڕووی چەوسانەوە دەبوونەوە لایەنگری هەر هێز و دەسەڵاتێکیان دەکرد کۆتایی بەم بارودۆخەیان بهێنێ، هەر بۆیە هەڵوێستیان بەرامبەر بزووتنەوەی کەمالی هەڵوێستێکی ئەرێنی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی دڵنیابوون کەمالییەکان گرنگی بە جیاوازی بیروباوەڕە ئایینیەکان نادەن(şener :٢٢/٢٠٠٦).

یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی ڕۆڵی لە قووڵکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکاندا هەبوو بە تایبەتی لە تێروانینیان بەرامبەر سیاسەتەکانی بزووتنەوی کەمالی ئەو تاکتیکە سیاسیە دووفاقیە بوو کە کەمالییەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەیان گرتبوویانەبەر بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا. وەك دەردەکەوێت کەمالییەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەو کاتەی تورکیا نەیاندەتوانی تەواوی ئایدیولۆژیا و بەرنامە سیاسییەکانیان بە ئاشکرا بخەنەڕوو بە تایبەتی بەرامبەر بە کورد، چونکە لە سەرەتای دروستبوونیان پێویستیەکی زۆریان بە یارمەتی کورد هەبوو، بۆ ئەمەش لە سەرەتای ساڵەکانی جەنگی سەربەخۆییدا هەڵگری وتارێکی ئایینی بوون و هەمیشە ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە کوردەکان برای ئایینین، لەم قۆناغەدا بزووتنەوەی کەمالی نەیدەویست بە هیچ شێوەیەك دژایەتی ئاشکرای کورد بکات، چونکە لە ژێر هەلومەرجی داگیرکردنی تورکیا ئەوەندەی گرنگی بە پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان دەدا، ئەوەندە بە پێویستیان نەدەزانی پەنا بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد ببەن، بەم شێوەیە توانیان بە ناوی هاوئایینی و برایەتیەوە بەشێك لە سەرۆك هۆز و کەسایەتیە دیارەکان بۆ خۆیان ڕاکێشن(پیران:٢٠١٣/٢٤-٢٥). ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی بۆ بکەین، ئەو وتارە ئایینیەی کەمالییەکان بەرزیان کردبووەوە هەرچەندە وەك ئاماژەی پێدرا جگە لە تاکتیکێکی سیاسی شتێکی تر نەبوو، کەچی لە دوولاوە کاریکردە سەر

کوردەکانی باکوری کوردستان، لەلایەك کوردە سوننە مەزهەبەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم بانگەشەیە و بەشێکی زۆریان دژی بزووتنەوەی کەمالی نەوەستانەوە(پیران:٢٠١٣/ ٢٥)، بەڵام لەلایەکی تر کاردانەوەییەکی خراپی لای کوردە عەلەوییەکان دروستکرد، چونکە ئەوان پێیان وابوو دامەزراندنەوەی هەر دەوڵەتێك بە بەرگێکی ئایینی لە تورکیا بارودۆخیان هیچ گۆڕانکاریەك بەخۆوە نابینێت، ئەمەش لەم گۆشەنیگایەوە لێکدەدرایەوە کە زۆربەی دانیشتوانی تورکیا لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە سوننە مەزهەبن، ئەم خاڵە نەرێنیەش لە تێڕوانینی کوردە عەلەوییەکان بەرامبەر بزووتنەوەی کەمالی فاکتەرێك بوو بۆ ئەوەی هیچ هەنگاوێك بە ئاڕاستەی نزیکبوونەوە و پەیوەندیکردن بە بزووتنەوەکە نەگرنەبەر، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە مانای دوورکەوتنەوە دێت لە تورکە عەلەوییەکان.

لێرەدا جێگای خۆیەتی پرسیاری ئەوە بکرێت، ئەگەر ژینگەی سیاسی ناوچەکە بەمشێوەیە لەلایەن کەمالییەکان بە وتاری ئایینی بارگاوی کرابوو، بۆ ئەو مەترسیەی لای کوردە عەلەوییەکان دروست ببوو بەهەمان شێوە تورکە عەلەوییەکانی نەگرتبووەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە بڵاوکردنەوەی ئەم شێوە وتارە لەلایەن کەمالییەکان زیاتر لەناوچە کوردییەکان بە مەبەستی جوڵاندنی هەست و سۆزیان ئەنجامدەدرا نەك هەموو کۆمەڵگای تورکیا بە تایبەتی لە ناو تورکە عەلەوییەکان، باشترین بەڵگەش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییە ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩١٩لە نێوان بزووتنەوەی کەمالی و تورکە عەلەوییەکان بەناوی(ڕێککەوتننامەی شێخ) لە سەر گۆڕی(حاجی بەکتاش وەلی*) مۆرکرا(öz:1995/61)، کە بەپێی ڕێککەوتنەکە(مستەفا کەمال) بەڵێنی بە تورکە عەلەوییەکاندا بوو مەزهەبی(حەنەفی) لە ئایدیۆلۆژیای حوکمڕانی تورکیا ناهێڵێت وعەلەوییەکانیش دەهێنێتە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە.( öz:1995/61).

لە ڕاستیدا ئەمە سیاسەتی ڕاستەقینەی کەمالیەکان بوو نەك ئەو وتارە ئایینیەی لە ناوچە کوردنشینەکان بڵاویان دەکردەوە، بەم جۆرە ئەم دووفاقیە لە سیاسەتی کەمالییەکان دوو تێڕوانین و دوو هەڵوێستی جیاوازی لەلای هەر یەك لە کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان دروستکرد کە دواجار کاریگەری خراپی کردە سەر پەیوەندییەکانی نێوانیان.

* ناوی تەواوی محەمەد کوڕی ئیبراهیم ئاتایە، لە سەرەتای سەدەی سێزدەم لە (نیسابور)لە دایك بووە ، پاشان چووە بۆ نەجەف، ئینجا بەرەو ئەنادۆڵ چووە، بە

دامەزرێنـەری تەریقـەتی بەکتاشـی لـە تورکیـا دادەنرێـت، لـە سـاڵی١٣٣٦ز کـۆچی دوایـی کردووە.( ٤٢٣، Doja :2006)

## ـ تەوەرەی دووەم: پەرەسەندنی بزووتنەوی کەمالی و فراوانبوونی جیاوازییەکان:

شایانی ئاماژە پێدانـە تێڕوانینـی جیاوازی هـەر یـەك لـە کوردە عەلەوییـەکان و تورکـە عەلەوییـەکان بەرامبـەر بزووتنـەوەی کـەمالی بـە تێپـەڕبوونی کـات بـە شـێوەیەکی پراکتیکی لە سەر هەڵوێست و پەیوەندیەکانیان ڕەنگیداییەوە و کەوتنـە دوو سـەنگەری دژ بـە یەك، ئەمەش زیاتر دوای پەرەسەندنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی بزووتنەوەی کەمالی بـە دیارکـەوت. لــە کــۆنگرەی ئــەرزەڕووم دا کــە لــە ٢٣ تــەموز تــا ١٧ ئــابی ١٩١٩ بـەڕێوەچوو(مصطفی:٣٠٤/١٩٨٢)، تورکـە عەلەوییـەکان بەشداریان کـرد و ئەفسـەرێکی خانەنشـینیان بـە نـاوی(عـەباس ئەفەنـدی) وەك نوێنـەری خۆیـان ڕەوانـەی کـۆنگرە کـرد، ناوبراو جگـە لـە بەشداربوونی لـە دانیشتنەکانی کۆنگرە دیدارێکی دوو قۆڵێشـی لەگـەڵ (مسـتەفا کـەمال) دەربـارەی ئامانجـەکانی کـۆنگرە و هەماهـەنگی نێوانیـان ئەنجامـدا

(şener :٦١/٢٠٠٦)،دەكرێت ئەوەش بە سەرەتای دروستبوونی ئەو پەیوەندییە لە قەڵەم بدرێت کە لە قۆناغەكانی دواتر بەردەوام دەبێت. لە بەرامبەردا كوردە عەلەوییەكان سەرەڕای نزیكی ناوچەكانی نیشتەجێبوونیان لە شوێنی بەستنی كۆنگرەكە كەچی بەشداریان نەكرد(السوڤیت:٣٩/٢٠٠٧)، هۆكارەكەشی بۆ ئەو تێڕوانینانە دەگەڕایەوە كە كوردە عەلەوییەكان هەرلە سەرەتا وە بەرامبەر بزووتنەوەی كەمالی هەیانبوو- كە پێشوتر ئاماژەمان پێكرد .

دوای تەواوكردنی كارەكانی لە كۆنگرەی ئەرزەڕووم، (مستەفا كەمال) دەستیكرد بە كاركردن بۆ فراوانكردنی زیاتری بزووتنەوەكەی، بۆ ئەم مەبەستەش بەرەو(سیواس)چوو، دوای گەیشتنی كۆنگرەی دووەمی بزووتنەوەكەی لە ماوەی ٤ تا١١ئەیلولی هەمان ساڵ تێدا ئەنجامدا(النعیمی:١٩/١٩٩٠)، لە دوا ڕۆژی كۆنگرەش چەند بڕیارێكیان ڕاگەیاند كە بۆ ماوەیەكی درێژ بوو بە هێڵی سەرەكی بەرنامە ونەخشەی سیاسی بزووتنەوەی كەمالی*، ئەمەش دوو ڕەهەندی جیاوازی لە ڕووی سیاسیەوە بۆ ئامانج وچارەنووسی كوردە عەلەویەكان وتوركە

* بڕیارەكان بریتی بوون لە:
أ- توركیا نیشتمانێكە دابەش نابێت.
ب - بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە دژی هەر جۆرە داگیركردنێك ئەنجام دەدرێت، تەنانەت گەر حكومەتی عوسمانیشی لەگەڵ دابێت.
ج - هەر جۆرە ئینتداب یان پاراستنێك لە سەر توركیا ڕەتدەكرێتەوە.
د- ئەگەر حكومەتی ئەستانبول نەیتوانی ئاسایش و ئارامی بپارێزێ، ئەوە حكومەتێكی كاتی لە ئەنادۆڵ دادەمەزرێ.
ه - كاركردنی بە پەلە بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنی نیشتیمانی تا چاودێری حكومەت بكات.
(بۆ زیاتر زانیاری لە سەر بڕیارەكانی كۆنگرە ، بنواڕە: (احمد : ١٩٨١/ ٢٢٣).

عەلەوییەكان لێكەوتەوە، بە تایبەتی كە لە یەكێك لە بڕیارەكان جەخت لە سەر یەكپارچەیی توركیا و ڕێگا گرتن لە دابەشبوون و جیابوونەوەی هەر پارچەییەكی كرابوو (احمد : ١٩٨١/ ٢٢٣)، چونكە ناوەڕۆكی ئەم بڕیارە دواجار بوو بە یەكێك لە ئامانجەكانی توركە عەلەویەكانیش، ئەمەش لەم سۆنگەیەی پارێزگاریكردن لە یەكپارچیی توركیا پارێزگاری كردنە لە شكۆ وسەروەری نەتەوەی تورك، ئەوان لەم كاتەدا

ببوون بە بەشێك لەم ئاڕاستە نەتەوەییەی کە لەلایەن بزووتنەوەی کەمالی سەرکردایەتی دەکرا.لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە بۆ کوردە عەلەوییەکان ڕەهەندێکی سیاسی دیکەی هەبوو کە خۆی لە ڕێگاگرتن لە ئامانجە سیاسیەکانیان دەبینیەوە بە تایبەتی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە هەوڵێکی زۆریان بۆسەربەخۆیی و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی دەدا.

بەم شێوەیە لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی کەمالی وەك هێزێکی سیاسی و خستنەڕووی بەرنامەی کارکردنیان لە چوارچێوەیەکی نەتەوایەتی تەسك ، پەیوەندییەکانی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەویەکان دوورکەوتنەوەی زیاتری بەخۆوەبینی، بە تایبەتی کاتێك ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەقینە لە نێوان بزووتنەوەی کەمالی لەلایەك وحکومەتی سوڵتان و هێزی هاوپەیمانان لەلایەکی تر دەست پێدەکات ، چونکە ئەمە فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی (مستەفا کەمال) زۆر چالاکتر ڕوو لە سەرۆك هۆز و ڕابەرە ئایینیەکانی ناوچەکە بکات تا پشتگیری لە بزووتنەوەکەی بکەن، لەمەشدا عەلەوییەکان لە پێشەنگ دابوون لەبەر ئەوەی (مستەفا کەمال) پێیوابوو عەلەوییەکان بە هۆی ئەو چەوسانەوەیەی چەند سەدەیەك لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بەرامبەریان ئەنجامدەدرا ئاسانتردەبن بە پشتیوان و پاڵپشتی بزووتنەوەکەی(Meeker:٤٨،٢٠٠٢ ) ،بەتایبەتی ئەوانەی لەویلایەتەکانی سیواس وئەماسیا وتۆقان و ناوچەکانی دەوروبەریان نیشتەجێبوون کە لە مەڵبەندی چالاکی و جموجۆڵی بزووتنەوەی کەمالی نزیك بوون (şener :٢٠٠٦:٢٣).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت هەڵویستی کوردە عەلەوییەکان سەبارەت بە داواکاریەکەی(مستەفا کەمال) جیاوازبوولە هەڵوێستی تورکە عەلەوییەکان، چونکە ئەمانەی دوایی بە شێوەیەکی گشتی بەدەنگ داواکارییەکەی (مستەفا کەمال)ەوە چوون، ئەوەتا کاتێك (مستەفا کەمال) لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی بۆ ڕاکێشانی عەلەوییەکان لە ڕێگای نامەوە پەیوەندی بە هەردوو کەسایەتی ناسراوی تورکە عەلەوییەکان(جەمالەددین ئەفەندی و سالح نیازی) کرد کە لەهەردوو ئاستی ئایینی وکۆمەڵایەتی کاریگەری گەورەیان بە سەر تورکە عەلەویەکان هەبوو، زۆر بە ئەرێنی وەڵام درایەوە،ئەمەش هاندەرێك بوو تا(مستەفا کەمال) لە ٢٣ کانونی یەکەمی ١٩١٩سەردانی تەکیە وگۆڕی حاجی بەکتاش وەلی بکات کە پێگە و سەنگێکی گەورەی لەلایەن عەلەوییە تورکەکان هەبوو، مستەفا کەمال کە لە سەردانەکەیدا ژمارەیەك لە

سەرکردەکانی بزووتنەوەکەشی هاوڕێیەتیان دەکرد لەلایەن عەلەوییەکانی ناوچەکە و دەوروبەری زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرا(şener :٢٠٠٦:٦٠).

لە ڕاستیدا ئەم سەردانەی (مستەفا کەمال) و هاوڕێکانی بۆ سەر تەکیە و گۆڕی(حاجی بەکتاش وەلی)تەنها وەك سەردانێکی کۆمەڵایەتی ئایینی سەیر ناکرێت،بەڵکو زیاترمەبەستی سیاسی لە دواوە بوو، بەم پێودانگەی سەردانەکە چەند کۆبوونەوەیەکی گرنگی لە نێوان سەرکردەکانی بزووتنەوەی کەمالی و سەرکردەکانی تورکە عەلەوییەکان (جەمالەددین ئەفەندی و سالح نیازی) لێکەوتەوە، کە تێدا جگە لە جەختکردنەوە لە سەر پاڵپشتی تورکە عەلەوییەکان بۆ بزووتنەوەی کەمالی ڕێککەوتنێکیشی لە نێوان هەردوولایەن بە دوا داهات (öz:1995/:61). بزووتنەوەی کەمالی سەرکەوتوبوو لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی تورکە پاڵپشتی عەلەوییەکان، ئەمەش کاریگەری گەورەی لە بەهێزکردنی بزووتنەوەکەدا هەبوو، چونکە پاڵپشتی تورکە عەلەوییەکان بۆ بزووتنەوەی کەمالی تەنها لە بواری سیاسی و سەربازی نەبوو بەڵکو لایەنی دارایشی گرتەوە( öz:1995:61).

دوای ماوەیەکی کورت لە ڕێککەوتنەکە و لە یەکەم هەنگاویاندا وەك پاڵپشتیەك بۆ بزووتنەوەی کەمالی،تورکە عەلەویەکان داهاتی مەزارگای(حاجی بەکتاش وەلی) وسەرجەم جەمخانەکانیان خستە ژێر دەستەڵاتی بزووتنەوەی کەمالی ، ئەمەش بە مەبەستی نیشاندانی لایەنگری خۆیان بوو بۆ بزووتنەوەکە (şener :٢٠٠٦:٨٠) . لەلایەکی دیکە و لە هەنگاوێکی تردا جەمالەددین ئەفەندی لە ڕێگای ناردنی چەند پەیامێك کەوتە هاندانی عەلەوییەکانی ئەنادۆڵ و داوای لێکردن لە ڕووبەڕووبونەوەی هێزی هاوپەیمانان پشتگیری بزووتنەوەی کەمالی بکەن، وەك بەدەنگەوە هاتنێکیش بۆ داواکەی (جەمالەددین ئەفەندی) تورکە عەلەوییەکانی ئەنادۆڵ چەند گروپێکی چەکداریان لە ناوچەکانیان پێکهێنا کە پاشان بوون بە بەشێك لە هێزەکانی بزووتنەوەی کەمالی (Bayor:١٩٧٢:٢٤). سەرباری ئەمە دوو گروپی چەکداری تریان بە ناوەکانی (هێزی عەشیرەتەکان) و(گەنجانی گوند) پێکهێنا (şener :٢٠٠٦:٥٥)، هەروەها بەشێکی زۆریان پەیوەندیان بەم هێزە سەربازییەوە کرد کە لەلایەن ئەدهەم شەرکی* سەرکردایەتی دەکرا(öz:1995:27)، شایان ئاماژە پێدانە ئەم هێزە سەرکەوتو بوو لە شکستپێهێنان و پاشەکشە پێکردنی سوپای وڵاتی یۆنان لە چەند ناوچەییەکی تورکیا(öz:1995:27).

* یەکێك بوو لە دیارترین سەرکردەکانی بزووتنەوەی کەمالی، ناوبانگی زیاتر لە دوای ئەم سەرکەوتنانە بڵاوبووەوە کە بە سەر سوپای یۆنانی بە دەستی هێنا. (الجمیلی: ٣٩:١٩٩٠).

پاڵپشتی تورکە عەلەوییەکان بۆ بزووتنەوەی کەمالی تەنها لە پێکهێنانی ژمارەیەك گرووپی چەکداری کورت ناکرێتەوە،بەڵکو بە چەند شێوازێکی دیکەش پشتگیری خۆیان بۆنیشانداوە، لەوانە هەماهەنگی نێوان جەمخانەکان لەگەڵ بزووتنەوەی کەمالی ویارمەتیدانیان لە ڕێگای ناردنی پارە و کەل و پەل و کەرستەی پێویست، لە ڕاستیدا بەشی زۆری ئەم یارمەتیانە لەلایەن جەمخانەکانی (ئەستانبول)ەوە بووەو بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجامدراوە(öz:1995:62).

بەم شێوەیە تورکە عەلەوییەکان بەگشتی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالی لەچوارچێوەی ئاڕاستەیەکی سیاسی خۆیان بینیەوە کە زیاتر کارکردن بوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیەکانی تورك، وەك دەردەکەوێت کار کردن لەچوارچێوەی ئاڕاستەیەکی سیاسی لەم جۆرە بۆ ئەوان ئەزموونێکی تازە بوو،چونکە وەك پێشوتر ئاماژەی بۆ کرا ئەوان بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی بە بەردەوامی فشارێکی توند لەسەر ناسنامەی ئایینیان هەبووە وناسنامەی نەتەوەییان پارێزراو بووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی هەردەم لە هەوڵی پاراستنی ناسنامە و بیروباوەڕی ئایینیان دابن. هەر چۆنێك بێت پەیوەست بوونی تورکە عەلەویەکان بە ئاڕاستەیەکی سیاسی لەم جۆرە کەوتنە سەنگەر و دژایەتیکردنی هاوپەیمانەکەی پێشوتری بوو- مەبەست کوردە عەلەویەکانە -چونکە بیری نەتەوەیی وناسیونالیزم لەم قۆناغەدا بەهەمان شێوە لە ناو کوردە عەلەویەکانیش لە پەرەسەندن دابوو، سەرهەڵدانی ئەم دوو ئاڕاستە نەتەوەییە لە یەك کاتدا جگە لە ڕووبەڕووبونەوەی یەکتر بوارێکی تر نەمابووەوە، ئەمەش لەم سۆنگەیەی تورکە عەلەوییەکان بە گشتی ببوون بە بەشێك لەو پڕۆژە سیاسیەی لەلایەن بزووتنەوەی کەمالی ڕێبەرایەتی دەکرا،ئەم بزووتنەوەیەش نەتەوەیی بوو و لە ئایدیولۆژیا و بەرنامە و سیاسەتیدا شتێك لە تورکیا بوونی نەبوو بە ناوی مافی نەتەوەکانی دیکە جگە لە تورك*، بەمشێوەیە و بەتێپەڕبوونی کات پەیوەندی نێوان تورکە عەلەوییەکان وکوردە عەلەوییەکان بەرەو گرژی وئاڵۆزی زیاتر دەچوو،ئەمەش زۆربەڕوونی لە یەکەم ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکان کە لە کۆچگیری سەریهەڵدا بە دیاردەکەوێت.

*بنواڕە بەندەکانی کۆتایی کۆنگرەی سیواس(أحمد:١٩٨١:٢٢٣).

## ـ تەوەرەی سێیەم :هەڵوێستی تورکە عەلەویەکان بەرامبەر ڕاپەرینی کۆچگیری ١٩٢٠ـ١٩٢١:

ناوچـە کوردنشـینەکانی بـاکوری کوردسـتان بـە شـێوەیەکی گشـتی و لـە ناویانـدا ناوچەکانی نیشتەجێبوونی کوردە عەلەوییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بیری نەتەوەیی بە ئاستێکی فراوان و تازە تێدا پەرەیسەند، لەمەشدا جگە لەم بارودۆخە نوێیەی دوای جـەنگ ناوچەکـەی گرتبـووەوە، ڕێکخـراو و بزووتنـەوە سیاسـییە کوردییـەکانیش ڕۆڵـی کاریگـەریان هـەبوو بـە تایبـەتی کۆمەڵـەی تـەعالی کوردسـتان*، کـە ژمارەیـەك سـەرکردە و سـەرۆك هۆزو کەسایەتی سیاسـی و ڕۆشنبیر لـە کوردە عەلەوییـەکان ئەندام بـوون تێـدا، هــەروەها چەنــد لقێکــی کۆمەڵەکــەیــان لــە ناوچــەکانیان کردبــووەوە (دەرسیمی:٢٠٠١/١٤٧).ئەمانە هۆکاربوون بۆ ئـەوەی بیری نەتـەوەیی تێدا پەرەبسێنێت و بزوتنەوەیەکی چەکداری سیاسی تێدا دروستببێ و دامەزراندنی قەوارەیەکی سـەربەخۆ ببێتـە داواکـاری سـەرەکی سـەرکردەکانیان، بـەتایبـەتی کـاتێ حکومـەتی ئەنقـەرە ڕەتیکـردەوە بەندەکانی (٦٢ـ٦٣ـ٦٤) کـە لـە پـەیمانی (سیڤەر) دەربـارەی چارەنوسـی سیاسـیی کـورد دیـاریکرا جێبـەجێ بکـات (مـراد:١٦/١٩٩٤) ، سـەرئەنجام ڕاپـەڕینێکی چەکـداری لـە ناوچەی کۆچگیری دەستی پێکرد.

هەرچۆنێك بێت ڕاپەڕینی کۆچگیری کە نزیکەی (٩) مانگی خایاند**، لە سەرەتادا سەرکەوتو بوو لە دەستگرتن بە سەر ناوچەیەکی فراوان ، بەڵام دواجار لەلایەن حکومەتی ئەنقەرەوە سەرکوتکرا(مراد:١٩٩٤/١٧؛عیسی:٢٠٠٢/١٩١). سەبارەت بە هەڵوێستی تورکە عەلەویەکان بەرامبەر ڕاپەڕینی کۆچگیری،وەك دەردەکەوێت تورکە عەلەویەکان هەرلە سەرەتاوە دژی ڕاپەڕینەکە هەڵوێستیان وەرگرت و بۆ سەرکوتکردنیشی پشتگیری و پاڵپشتی بزووتنەوی کەمالیان کرد، بۆئەمەش چەند پاساوێکیان دەخستەڕوو کە هەندێکیان جگە لە بیانوی بێبنەما هیچی ترنەبوو، بۆنمونە :ئاماژەیان بۆئەوە دەکرد ڕاپەڕینەکە بە هاندانی سوڵتانی عوسمانی و بۆ دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کەمالی بەرپاکراوە (öz:1995/27)، لە ڕاستیدا پاساوێکی لەم

* ئەم کۆمەڵەیە لە١٧کانوونی دووەمی ١٩١٨ لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی ڕۆشنبیرو سیاسەتمەداری کورد لە ئەستانبول دامەزرا، ژمارەیەك لە دامەزرێنەرانی کوردانی عەلەوی بوون، کۆمەڵە چەندان لقی لە ناوچە جیاکانی کوردستان کردەوە ، هەروەها ڕۆڵی لە بزووتنەوەی مەلاتیە و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی کۆچگیری هەبووە، لە ١١شرینی یەکەمی ١٩٢٠ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بڕیاری داخستنی دراوە. (بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ئەم کۆمەڵەیە، بنواڕە: گویڵداش: ٢٠١١).

** ڕاپەڕینی کۆچگیری بە شێوەیەکی کرداری لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی١٩٢٠ دەستی پێکرد و تا کۆتاییەکانی مانگی مایسی ١٩٢١بەردەوام دەبێت. بۆ زیاتر زانیاری لە سەر ئەم ڕاپەڕینە بنواڕە: (١٩٧:٢٠١١،١٨٠;Halk، ١٩٩٧،٥٧،٤٠:Bulut)

جۆرە بە هەر پێوەرێك لێکبدرێتەوە ئامانجەکە ناپێکێت، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان کوردە عەلەوییەکان و دەوڵەتی عوسمانی بە درێژایی چەند سەدەیەك پەیوەندییەکی ئاڵوزو پڕکێشە بووە، بۆیە ڕێی تێناچێت پەیوەندییەکی لەم شێوەیە لە ناکاو وبەبێ هیچ پێشینە و ڕێککەوتنێك بۆ هەماهەنگی و دۆستایەتیەکی پتەو بگۆڕدرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم زانیارییە لەبەر دەستدا نییە ، لە قۆناغەکانی دواتریش بە دیارکەوت ئەم زانیاریانە جگە لەپڕوپاگەندەی بزووتنەوەی کەمالی شتێکی تر نەبوو(شاویس:١٩٦١/٤٩).

هۆکـارێکی تـری دژایـەتیکردنی تورکـە عەلەویـەکان بـۆ ڕاپـەڕینی کـۆچگیری دەگەڕایـەوە بۆ ئـەوەی سـەرکردەکانی ڕاپەڕینەکـە وەك بزووتنەوەیـەکی جیاخوازمامەڵـەیان دەکرد،ئەمەش لە کاتێك دابوو کە تورکە عەلەوییەکان هاوشانی ناسیونالیستە تورکـەکان لـە نـــاو بزووتنـــەوەی کـــەمالی دژی جیابوونـــەوەی هەرپارچەیـــەکی تورکیـــا بـوون(öz:1995/30). شـایانی ئامـاژە بۆکردنـە تورکـە عەلەوییـەکان لـەم قۆناغـەدا بـە شـێوەیەك سیاسـەتی ناسیونالیزمی بزووتنـەوەی کـەمالیان جێبەجێدەکرد تەنانـەت پەیوەنـدی دۆستانەی ئەرمەنەکان و کوردە عەلەوییەکانیان کردبوو بە پاساوێکی تر بۆ دژایەتی کردنـی ڕاپـەڕینی کـۆچگیری ، چونکـە ئەرمـەن لـە تێروانینـی تورکـە نەتـەوەیی و کەمالییـەکان بـە کەسـانێکی ناپـاك بەرامبـەر دەوڵـەتی تورکیـا و داردەسـتیی وڵاتـانی هاوپـەیمانان لـە قەڵـەم دەدران بەتایبەتی کـە لـە دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی دەسـتیان بـە سـەر بەشـێکی فراوانـی خاکی تورکیا داگرت وئەرمەنـەکانیش یارمەتیدەریان بـوون (Bahadir:2002/44). ئـەم تێڕوانینـەی تورکـە عەلەوییـەکان بەرامبـەر ڕاپـەڕینی کـۆچگیری لـە کـاتی بـەرپابوونی بـە شێوەیەکی کرداری ڕەنگیدایەوە، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە هەڵوێستەکانیاندا بە دیارکـەوت، یەکێك لەم هەڵوێستانەشیان لە ناوەڕۆکی نامەیەك دەردەکەوێت کە وەك وەڵامێك بۆ هـەوڵێکی کوردە عەلەوییەکان کە داوایان لێکردبوون بەشداری ڕاپەڕینەکە بکەن بەمشێوەیە خراوەتـە ڕوو: )) ئێمە ڕێگایەکی جیاوازمان لە ئێوە گرتۆتەبەر و لەگەڵ مستەفا کەمال هاوڕێگاین ، چونکە ئەونوێنەرایەتی تەریقەتی حاجی بەکتاش وەلی دەکات، بۆیە ئێمە داوا لە ئێوە دەکـەین دەست لەم کارە هەڵبگرن و لەگەڵ ئێمە پاڵپشتی مستەفا کەمال بکەن))(Blog:1990).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و لە هەڵوێستێکی تریان بەرامبەر ڕاپـەڕینی کۆچگیری ، هـەر دووهۆزی (بولەور- Buleur) و(تـەرجـان - Tarcan) داواکارییـەکی عەلیشـان*ی سەرکردەی

* عەلیشان کوڕی مستەفا پاشایە و یەکێکە لـە سـەرکردە دیارەکـانی کـوردە عەلەویـەکان لـە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی بیستەم و ڕۆڵـی لـە بەشـی زۆری ڕووداوەکـانی ئـەو ماوەیـە هەبووە. بنواڕە :( دەرسیمی: ٢٠٠١/).

دیـاری ڕاپەڕینەکـە ڕەتدەکەنـەوە کـە لـە ڕێککـەوتی٢٦شـوباتی ١٩٢١وەك پـەیامێك ئاڕاستەیانی کردبوو و داوای هاوکاری لێکردبوون، سـەرباری ڕەتکردنـەوەی داواکاریەکـە

سەرۆکی هەر دوو هۆزەکە بە (عەلیشان) یان ڕاگەیاند)) : ئەوان بە تەواوی پەیوەستن بە سیاسەتەکانی بزووتنەوەی کەمالیەوە))( öz:1995/30).

لێرەدا دەردەکەوێت ئەم هەوڵە یەك لە دوای یەکانەی کوردە عەلەویەکان لەگەڵ تورکە عەلەوییەکان بۆ بەشداری پێکردنیان لە ڕاپەڕینەکە ڕەنگە لە گۆشەنیگای ئەو پەیوەندییە مێژووییە دوور ودرێژەی نێوانیان سەرچاوەی گرتبێت کە بە بەردەوامی تێدا هاوهەڵوێست بوون، بەبێ لێکەدانەوە و بەهەند وەرگرتنی ئەم بارودۆخە جیاوازەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتبووە ئاراوە کە لاوازبوون و لە ناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالی بە دوای خۆیدا هێنا وگۆڕانکاری لەدید وتێڕوانینی تورکە عەلەوییەکان دروستکرد، ئەوان لە بەرگریکەرێکی سەرسەختی بیروباوەڕی ئاییینیەوە بوون بە باڵێکی ئەو ئاڕاستە نەتەوەییەی لەلایەن بزووتنەوەی ناسیونالیزمی تورکی سەرکردایەتی دەکرا، بۆیە هەڵوێستەکانیان بە پێچەوانەی چاوەڕوانی سەرکردەکانی کوردە عەلەوییەکان کەوتەوە و بوون بە هاوکار و یارمەتیدەری بزووتنەوەی کەمالی دژی ڕاپەڕینەکە.

هاوکاری و یارمەتی تورکە عەلەوییەکان بۆ بزووتنەوەی کەمالی کاریگەری خراپی کردە سەر ڕاپەڕینەکە، ئەمەش بەڕوونی لە کردار و هەڵوێستەکانیان لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە بە دیاردەکەوێت، ئەوەتا کاتێك هێزە سەربازیەکانی حکومەتی (ئەنقەرە) دوای بەرپابوونی ڕاپەڕینەکە گەمارۆیەکی توندیان خستە سەر ئەو ناوچانەی ڕاپەڕینەکەی تێدا بەرپا ببوو، تورکە عەلەوییەکان هاوشانی سوپای تورکیا خەریکی جێبەجێکردنی ئەو پلانە بوون، بە تایبەتی کە پێگەی جوگرافیی تورکە عەلەوییەکان فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو لە جێبەجێکردنی پیلانەکە، چونکە بەشێکی ناوچەکانیان هاوسنوربوون لەگەڵ ئەو شوێنانەی ڕاپەڕینەکەی تێدا بەرپابوو، هەر بۆیە بە درێژایی ماوەی ڕاپەڕینەکە ڕێگایان نەدا هیچ یارمەتی و هاوکاریەك لە ناوچەکانی ئەوانەوە بۆ ناوچەکانی کۆچگیری بچێت، تەنانەت لەکاتی شکستهێنانی ڕاپەڕینەکەش ڕێگایان بە ڕاپەڕیوان نەدا لە ناوچەکانی ئەوانەوە خۆیان دەرباز بکەن(öz:1995/30).

ئەم هەڵوێستە توندەی تورکە عەلەوییەکان بەرامبەر ڕاپەڕینی کۆچگیری بەشێکی بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاری سەرکردە ئاییینیەکانیان دەگەڕایەوە کە پێیان وابوو لە سایەی حوکم وفەرمانڕەوایەتی(مستەفا کەمال)دا جارێکی تر ڕووبەڕووی فشاری ئاییینی نابنەوە،

ئەمەش  بە ڕوونی لە پەیامەکانیان بە دیاردەکەوێت، بۆ نمونە (جەمالەددین ئەفەندی) کە بە یەکێك لە دیارترین  پیاوە ئایینیەکانی تورکە عەلەوییەکان بوو، سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بە

ڕاپەڕینەکە  وتویەتی: ((لە سەر تورکە عەلەوییەکان  پێویستە بە هیچ  شێوەیەك یارمەتی ڕاپەڕینی کۆچگیری نەدەن، چونکە ئەم  یاخیبوونە  هەڵگری مۆرك و ناسنامەی عەلەویەت نییە ، بەڵکو یاخیبوونێکی نەتەوەیی کوردانە، بۆیە ئەرکە لە ئەستۆتان لایەنگری حکومەتی ئەنقەرە بکەن))( Adar:٢٠٠٣:١٣ ).

لە ڕاستیدا ئەم پەیامانەی ئاماژەی بۆ کرا کە لەلایەن سەرکردە و کەسایەتیە ئایینی   و ناودارەکانی تورکە عەلەویەکان ئاڕاستەی ناوچە تورکنشینە عەلەوییەکان دەکرا بەڵگەی  گرنگن بۆ خستنەڕووی هەڵوێستی فەرمی ئەم گرووپە، کە خۆی  لەلایەنگری بزووتنەوەی کەمالی دەبینیەوە  لە جەنگ و ناکۆکیەکانی بەرامبەر کوردە عەلەوییەکان، لەم سۆنگەیەوە پەیوەندیەکانیان لە قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەتایبەتی لە نێوان سالانی ١٩١٨  ـ١٩٢١لەگەڵ کوردە عەلەوییەکان بە ئاستێك گەیشت کە لە مێژووی پێکەوەژیان و پێکەوە بوونیان بەو شێوەیە ئاڵۆز و ناکۆك نەبووە.

# ئەنجام

١ـ پەیوەندیەکانی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان لە سەر بنچینەی دوژمن و هەڕەشەی هاوبەش بنیادنرا بوو، کە خۆی لە هاوهەڵوێستی و هاوپەیمانی بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی دەبینیەوە. هەر بۆیە هاوپەیمانی و هاوهەڵوێستیەکەیان تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە دوژمنی هاوبەشیان هەیە.

٢ـ هاوکێشەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردە عەلەوییەکان و تورکە عەلەوییەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بە تایبەتی لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی لە ناوچەکە گۆڕانکاری بە سەر داهات و هەر یەکەیان کەوتنە بەرەیەکی سیاسی جیاواز.

٣ـ کاریگەری بزووتنەوەی کەمالی لە نێوان سالانی ١٩١٨ـ ١٩٢١ لە سەر هەڵوێستی تورکە عەلەوییەکان لەم قۆناغەدا فەرامۆش ناکرێت، بەتایبەتی ڕۆڵی(مستەفا کەمال) کە سەرکەوتو بوو لە باوەڕپێهێنانی سەرکردە ئایینیەکانی تورکە عەلەویەکان بەبەرنامە و پرۆژەی سیاسی بزووتنەوەکەی و ڕەواندنەوەی ئەو مەترسیەی پێشوتر لە سەر ناسنامەی ئایینیان هەبوو.

٤ـ هاوشـێوەی شـێوەی تورکـە عەلەوییـەکان، کـوردە عەلەوییـەکانیش لـەم قۆناغـەدا کەوتبوونــە ژێــر کاریگــەری بیــری نـــەتــەوەیی، هۆکارەکەشـــی جگــە لـــە پەرەســـەندن وگۆڕانکاریـەکانی دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی لەناوچەکـە، کۆمەڵـە و پارتـە سیاسـیە کوردییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو.

٥ـ ناکرێت ڕەخنـە لـە هەڵوێستی سیاسـی هیچ یـەکێك لـە کـوردە عەلەوییـەکان و تورکـە عەلەوییـەکان بگیرێت لـە سـەر ئـەو ئاڕاستە سیاسـی و ئایدیولۆژیـەی لـەم قۆناغـەدا گرتبوویانـە بـەر، چونکـە سروشـتی قۆناغەکـە وای دەخواسـت و کـە تێدا ئینتمـای نەتـەوەیی زۆر زاڵتربوو لە ئینتمای ئایینی.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم ـ کتێب:**

**أـ بە زمانی کوردی:**


١ـ بورکـای، کـەمال: ٢٠٠٨، کـورد و کوردسـتان لـە سـەردەمی باسـتانەوە تـا کۆتـایی جەنگی جیهانی یەکەم ، و: عەلی فەتحی ،دەزگای وەرگێران ، هەولێر.
٢ـ پیران، ٢٠١٣،شۆڕشی شێخ سەعیدی (١٩٢٥) لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حکومـەتی فەرەنسادا، و: نەجاتی عەبدوڵلا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٣ـ دەرسـیمی، د.نـوری : ٢٠٠١، دەرسـیم لــە مێـژووی کوردسـتاندا، و: د. ئەحمـەد فەتاح دزەیی، دەزگای موکریانی، هەولێر.
٤ـ سێڤەری، راجر: ٢٠٠٦،ئێرانـی سـەردەمی سـەفەوی ،و:سـەلاحەدین ئاشـتی، بنکـەی ژین،سلێمانی.
٥ـ گویڵـــداش، ئیســـماعیل: ٢٠١١،جەمعییـــەتی تـــەعالی کوردســـتان، و: زریـــان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی.


**ب ـ بە زمانی عەرەبی:**

١ـ احمد، ابراهيم خليل ـ خليل علي مراد: ١٩٨٢، ايران وتركيا دراسة في التاريخ الحديث و المعاصر، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل.
٢ـ الجمهانى، يوسف ابراهيم : ٢٠٠٠، أتاتوركية القرن العشرين، دمشق،.
٣ـ الداقوقى، ابراهيم :العلويون: ٢٠١٠، أصحاب دين جديد أم طريقة تصوف أو مذهب سياسى لعصر العولمة، دار ئاراس للطباعة و النشر،ط٢، أربيل.
٤ـ الزين، مصطفى : ١٩٧٢، أتاتوركية امة في رجل، دار النهار، بيروت.
٥ـ السوڤيت، مجموعة من الباحثين : ٢٠٠٧، تاريخ تركيا المعاصر، ت: د. هاشم صالح التكريتي، سليمانية.
٦ـ محمود، رستم : ٢٠١٢، القضية العلوية فى تركيا، المركز العربى للابحاث و دراسات السياسات، الدوحة.
٧ـ مصطفى، أحمد عبدالرحيم: ١٩٨٢، في اصول التاريخ العثماني، دار الشروق، بيروت،.
٨ـ النعيمي، ١٩٩٠، احمد نوري : الحياة سياسية في تركيا الحديثة (١٩١٩ـ ١٩٣٨)، دار الحرية للطباعة، بغداد،.

**ج ـ به زمانى توركى:**

1- Adar, Metin: 2003,Alevi Toplumu Ve Devlet Ilişkisi , Sosyal Bilimler Enstitüsü, Hacattepe ün, Ankara.
2- Bahadir, Ibrahim: 2002 ,Cumhuriyeti Kuruluş Sürecinde Atatürk Ve Aleviler , Kalan Yayinlari, Ankara.
3- Bayor, Celal: 1972,Bende Yazdim Milli Mücadeler, Istanbul.
4- Bulut, Faik: 2011,Dersim Roporlarlri (4.Baski) Basim Yayinlari, Istanbul.
5- çem ,Munzur: 1999,Dersimd'e Alevilik,Peri Yayinlari, Istanbul .
6- Hareketi, 1977,Koçgiri Halk ( 1919-1912) Komal Yayinlari Araştirma dizisi,3,Ankara.
7- öz, Baki: 1995,Kurtuluş Savaşinda Alevi- Bektaşiler ,Can Yayinlari, Istanbul.

8- şener, Cemal: 2006,Atatürk Ve Aleviler ,Kurtuluş Savaşinda Aleviler-- Bektaşiler, Yayinlari Etik, Istanbul.

**د ـ بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Doja, Albert: 2006,Apolitical History of Baktashism from Ottman Anatolia to Contem porary Turkey Journal of Church and State ,Vol.42,No.2. March,.
2. Hirschler, Konrad: 2001,Defining the Nation Kurdish Historiography In Turkey In the 1990.In Middle Eastern Studis.Taylor and Frances,..
3. Lewis, Geafrey: 1998Turkey,London .
4. Meeker, Michael E.: 2002,A nation of Epire: The Ottoman Legacy of Turkish Modernity ,Califorinia.
5. Murat, Ali: 2006,The Alevi Community In Turkey Ofter 1908. An Evaluation of Political Group Boundaries In the Context Teories , Anqara.
6. Shankland, David: 2010,Maps and the Alevis: on the Ethnography of Heterodox Islamic Groups : In British Journal of Middle Eastern Studies. Vol.37.No.3,London.

**دووەم: توێژینەوەی زانستی:**

١ـ الجليلی ،طلال يوسف: ٢٠١٠، العلويون في تركيا، مركز الدراسات التركية ، الموصل، العدد(٤).

٢ـ السبعاوی، د.عونی عبدالرحمن: ٢٠١١، الاقليات والطوائف وتاثيرها فی مجری الصراع بين الاسلامين و العلمانين فی تركيا، مركز الدراسات الاقليمية ،جامعة الموصل.
٣ـ مراد ،د. خليل علي: ١٩٩٤،القضية الكردية في تركيا١٩١٩ـ ١٩٢٥، في: د. خليل علي مراد و أخرون: القضية الكردية في تركيا و تاثيرها على دول الجوار، مركز الدراسات التركية، الموصل.
٤ـ نورالدين ،محمود: ٢٠١٢، الاقليات الدينية و العرقية في تركيا، المجتمع و الكيان و التحديات، مركز الدراسات الاقليمية، جامعة الموصل.

**سێیەم: نامەی زانكۆیی:**

ـ الجميلي، قاسم خلف عاصي: ١٩٩٠،العراق و الحركة الكمالية(١٩١٩ـ ١٩٢٣)، أطروحة دكتوراه غير منشورة مقدمة الى كلية الاداب، جامعة بغداد.

**چوارەم: ئینتەرنێت:**

- Blog ,Binboga - H.Debesoy, ١٩٩٠, Land Mustafa Kemale, Karmanc Ve Kirmanc Alevier.
www.dorsimsite,org\kek,Iklor,htm



شوێنی نیشتە جێبوونی کوردە عەلەوییەکان لە تورکیا

(بەڕەنگی سوور دیاریکراوە)

سەرچاوەی ankland: Maps and te Alevis : on the Ethnography of Heterodox
roups: In British Journal of middle Eastern Studies . Vol.37.No.3,London



شوێنی نیشتە جێبوونی تورکە عەلەویەکان لە تورکیا

(بەڕەنگی شین دیاریکراوە)

سەرچاوەی hankland: Maps and te Alevis : on the Ethnography of Heterodox Groups: In British Journal of middle Eastern Studies . Vol.37.No.3,London

# ملخص البحث

تتشكل هذه الدراسة محاولة متواضعة من ناحية تسليط الضوء على دراسة في تاريخ تركيا المعاصر، ولاسيما عن العلاقة بين الكورد العلويين و الترك العلويين في فترة ما بين ١٩١٨ــ ١٩٢١، اذ لايوجد دراسة اكاديمية على مستوى جامعات عن هذا الموضوع.

ان علاقة الكورد العلويين بالترك العلويين مرت بمرحلتين، الاولى هي الفترة الحكم العثماني التى أمتازت بعلاقة جيدة بينهما، اما المرحلة الثانية فهي فترة ما بعد الحرب العالمية الاولى، ان هذه الفترة و ما رافقتها من متغيرات جديدة على مستوى السياسي و الفكري أنهت العلاقة الجيدة بين الطرفين، و يعد ظهور الحركة الكمالية من أهم الاسباب التي تغيرت العلاقة بين الكورد العلويين و الترك العلويين.

الحركة الكمالية التي يعتبر حامل افكار القومية التركية خلقت برنامجها السياسى ، رؤية مختلفة في نظر كل من الكورد العلويين و الترك العلويين، وفي السياق نفسه ظهر اختلاف في علاقاتهما لاول مرة،

السبب الرئيسي في ذلك يرجع الى ان الحركة الكمالية لم يهتم في برنامجها باختلاف المذاهب والمعتقدات

الدينية الموجودة في تركيا بل تتأكدعلى افكارالقومية، وأثرهذه التغيرات في المعادلة السياسيةعلى الوضع العلويين الترك، اذ اعتبروا انهم خرجوا من المأزق الذي اضطهاد منه لعدد القرون.

# Abstract

The relationship between Kurdish and Turkish Alevis during , is an essential subject in Contemporary History. ١٩٢١-١٩١٨ Therefore,this stady trise to evaluate the influences of Religion and Nationalism on the people from the same religio- us or nationalistic groups. This relationship has been affected after ww negatively by the emergence of the ١the end of the .kemalist movement in turkey

The kemalist movement which was ideological and preferrd Turkish nati- onalism, in addition to introducing different views concerning political life of Turkey at that time between these two group, it olso deteriorated their relation- ship and their common cause changed in to division . As a result, since Kemali- sts claimed Turkish nation as the only nation in turkey, the Turkish Alevis were not faced any difficulties while the .kurdish alevis were faced an act of genocide or elimination